# بانگەواز بۆ خۆپیشاندان
# لەبەردەم پەرلەمانی هۆڵەندا لەشاری دەنهـــــــاغ

هەروەکو لەڕاگەیەنراوی پێشوودا ئاگادارمان کردنەوە، حکومەتی هۆڵەنداش سیاسەتی دژی پەنابەری خۆی توندترکردۆتەوە وبڕیاری گێڕانەوەی پەنابەرانی کورد وعێراقی داوە. ئەوە بوو پۆلیسی شاری (ئاینهۆڤن) بەنیازبوو بەزۆری زیندان پەنجەمۆری (ڤیان ڕەئوف) وەربگرێت بۆ گێڕانەوەی بۆ کوردستان. ژمارەیەکی زۆرتریشی لەپەنابەران خستۆتە سەرجادە.

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەهۆڵەندا بۆ پشتیوانی لەم خێزانە، وە لەپێناوی دەربڕینی نارەزایەتی بەم سیاسەتە، وهەوڵدان بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیاری بەزۆر ناردنەوەیان بۆ کوردستان، خۆپیشاندانێك سازدەکات بۆ بەردەم پەرلەمانی هۆڵەندا لەشاری دەنهــاغ ڕۆژی چوارشەممە 8-2-2006کاتژمێر 13:00.

بانگەوازی تەواوی پەنابەران وجالیەی کورد وعێراقی وتەواوی ئازادیخوازانی هۆڵەنداش دەکەین، بەشداری لەم خۆپیشاندانەدا بکەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شارستانی دەنگی نارەزایەتی خۆمان بگەیەنین بەڕای گشتی هۆڵەندا وجیهان، هەتا حکومەتی هۆڵەندا ناچاربکەین دەست لەم سیاسەتە دژی پەنابەریەی هەڵگرێت وماڤی پەنابەری بۆ (ڤیان ) وخیزانەکەی وسەرجەم پەنابەرانی عێراقی بەڕەسمی بناسێت.

**فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەهۆڵەندا**

2006-1-31

**تێبینی:** کاتژمێر 12:00 لەبەردەم سەنتراڵ ستاشیۆن لەشاری دەنهــاغ کۆدەبینەوە و پاشان بەڕێپێوان دەچین بۆ بەردەم پەرلەمانی هۆڵەندا.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە (حەمەغەفـور)ەوە :

**تەلەفۆن:** 0626730602

**ئیمایل:** mgafor@yahoo.com

یا بە (ئارام ئەحمەد)ەوە تەلەفۆن: 0628707157